# پێنووسی تاوان نوسین لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە: خەوتوو هەتا بەخەبەر دەبێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا چاک دەبێتەوە

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێنووسی تاوان نوسین لەسەر سێ کۆمەڵ هەڵگیراوە : وخەوتوو هەتا بەخەبەر دەبێتەوە، ومنداڵ هەتا باڵغ دەبێت، وشێت هەتا چاک (دەبێتەوە (ئاقڵ دەبێتەوە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی منداڵ بوون وخەوتن وشێت بوون هۆکارە بۆ لەدەستدانی (ئەهلیەت - شیاوبوون)؛ کە مەبەست لەم دەستەواژە ئەوەیە ئەو کەسە لە ڕووی شەرعەوە شیاوی ئەوە نییە ئەرکە شەرعییەکانی بۆ یان لەسەر جێگیر وجێبەجی بکرێت وتەکلیف وئەرکەکانی لەسەر لادەچێت لەم حاڵەتاندا، وبۆیە منداڵ وخەوتوو وشێت تەکلیف وئەرکە شەرعییەکانیان لەسەر لادەچێت لە ڕوانگەی فەرمانەکان ونەهی لێکراوەکان، وئەمیش لە ڕەحمەت وفەزڵی خودایە بەرامبەریان، وبیانووی (عوزری) منداڵ نامێنێت؛ کاتێک باڵغ دەبێت، وبیانووی خەوتوو نامێنێت؛ کاتێک لە خەو هەڵدەستێت، وبیانووی شێت نامێنێت؛ کاتێک چاک دەبێتەوە وهۆشی دەکرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58148

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee